# کۆچی گەنج و شکستی حوکم؟!

ئاسۆعەبدوللەتیف

دەبیٚ دەسەلاٚت هەموو کاردانەوە نەگەتیڤەکان بۆ کۆچی ئەمجارە وە ئەستۆ بگریٚ کە بۆچی گەنج لە ئیٚستاو لەم دۆخە هەستیارەدا کۆچ ئەکات؟ ئەبیٚ بزانیٚ ئەم کۆچە قۆناغیٚکی تازەیە بە ئاراستەی گۆرینی دەموچاوەکانی ئەم دەسەلاٚتە و ریفۆرم لە کۆی ئەو سیستمە فاشیلەی کە تواناى دابینکردنی لیتریٚ بەنزین و گلۆپیٚك کارەبای نیە، توانای راگرتنی تووڕەیی دلٚی گەنجیٚکی نیە، بەلاٚم بەتوانایە لە گرتن و راوەدونانی گەنجان و بەتوانایە لە کۆکردنەوەی سامانە زۆرو زەبەندەکان و بەخشینەوەی ئیمتیازات بە فایلدارو کۆنە جاش و بەخیٚوکردنی تەکیەو دیوەخانەگەرمەکانی ئاغاکان و ململانیٚی حیزبی کویٚرانە، ئەم کۆچە تازەیە کە دەتوانین بە کۆچی بیٚئومیٚدی و بەرسڤی گەندەلٚی و ناعەدالەتی دەسەلاٚت ناوی بەرین و بەدەرەجەی یەکەم یەکیٚتی و پارتی تیایدا بەرپرسیارن کەلە کورتترین مانادا ئەم کۆچەیان کاردانەوەیەکی زۆر خراپی ئەبیٚت لەسەر حکومەتی هەریٚم و سەرۆکایەتی هەریٚم و کەسایەتیە مەعنەویەکەی،

محمد ماغوت شاعیری سووری ووتەنی ئەوەی کە ئەیانبەستیٚتەوە بە وولاٚتەوە تەنها بنی پیٚلاٚوەکانیانە!! رەنگە ئیٚستا دەسەلاٚتی کوردی بە حوکمی ئەو غرورە زۆرەی کە هەیەتی زۆر گویٚ نەدات بەم کۆچە بەلاٚم دوور مەودا دەسەلاٚت ئەخاتە ژیٚر پرسیارو خویٚندنەوەی ئەو سیاقە خەتەرو بە شکستەی حوکمی کوردی؟ کە ئەوە چییە بەردەوام دەسەلاٚت لەم هەریٚمەدا لەلایەن پیرەکانەوە پشتگیری ئەکریٚت و بەریٚوە ئەبریٚت و بەپیٚچەوانەوە گەنجان و لاوان شەقام و فەرمانگەو حیزب و مینۆمیٚنت و یادگارەکانیش ئەسوتیٚنن و نەفرەت لە دەسەلاٚت ئەکەن و ئینجا سەفەر ئەکەن و سەری خۆیان هەلٚئەگرن بەرەو مەنفایەك کە تاکە شویٚنە بۆ رووبەڕووبونەوەی گەندەلٚی دەسەلاٚت و بۆ پیٚناسەکردنەوەی ئەو نیشتیمانەی کە بۆتە تابۆی کوڕە مەسئول و خەلٚکی کۆنتەراتچی؟

دیارە ئەم کارەساتانەش حیزبی کوردی خۆی دروستی کردووەوبایی تۆزقالٚیٚ نایپەرژیٚتە سەر ئەوەی کە گەنجیٚ دروست بکات وەك گەنج کە لەسەر بیرکردنەوەو ئازادیەکانی خۆی بژی، بەعس سوکایەتی بە چارەنوسی گەنجەوە ئەکردو لە گەنجیٚتی خستبوو، کەچی ئیٚستاش بە هەمان سیستم و بیرکردنەوەی خیٚلٚەکی سوکایەتی بەگەنجەوە ئەکریٚت بەلاٚم ئەمجارەیان خۆمان و بەدەستی ئەو نەوە پیرو بەسالاٚچووەی کە توند جلٚەوی دەسەلاٚتیان گرتووەو ئەوەی کە بیری لیٚنەکەنەوە دروستکردنی دونیای گەنجە، زۆرگرنگە گەنج ئەمە قبولٚ نەکات و بە توندی دژی ئەو بۆچوونە خیٚلٚەکی و کۆنزەرڤاتیزمەی شۆرشگیٚرانی دویٚنیٚ بوەستنەوەو شەقام بخەنە جولٚەوپرسیار،بەداخەوە ئەو گەنجەی کە ئەمرۆ پیٚویستە کە بپرسیٚ و گومان بکات و عەقلٚی پاش خۆی تیٚپەریٚنیٚ گەنجانیٚکن ئەنوسن و رەخنە ئەگرن و بەیاننامە دەر ئەکەن و خۆپیشاندان ساز ئەکەن، ئەم گەنجانەش یان سەفەر ئەکەن بەرەو تاراوگە یان بەزۆر سەفەریان پیٚ ئەکەن بەرەو تاراوگەی زیندان و لیٚدان، گەنجیش هەیە کە وەك ماکینەیەکی بیٚ رۆح و بیٚ پرسیار بەردەوام ئەیەویٚت دەسەلاٚت و حیزب نانی باتیٚ و تیٚری بکات و شەهوەتەکانی بۆ هەلٚمژیٚ و بەرگری لیٚبکات و بەو شیرە خۆی گەورە بکات و بژی و نایەویٚت سادەترین بەرگری لە گەنجیٚتی خۆی بکات، ئەوە گەنجانیٚکن دەکریٚت وەك یاساولٚ و پاسەوان وبکوژی خەونی گەنجان ناویان بەریت،ئەوە گەنجانیٚکن تەنها ئیشیان چاودیٚری و جاسوسی و پاسەوانیکردنی قوللە کاتیەکانی دەسەلاٚتن، ئەم چەقبەستنە گەنجی دوچاری پەتایەکی کوشندە کردۆتەوەو

کردویەتی بەکۆیلەی دەسەڵات و خێڵ وەختێك گەنجیش کۆیلەبوو یان بەم کۆیلەبوونە رازی بوو ئەوا دەسەڵات قسەیەکی نیە و ئەیکاتە چەکی شانی خۆی و وەکو تەسبیح دانەدانەی ئەکات،بەڵام ئەبێت بزانین گەنجی کوردی بۆ عاجزو توورەیە و ئەی لە چی تورەیەو بۆ سەفەر ئەچێتە مێشکی؟ بۆ بەرد ئەگرنە دەسەڵات و بۆچی مینۆمێنت و یادگاری هەڵەبجە ئەسوتێنن و بۆچی دەنگ نادەن و بۆچی رقیان لە بەرپرسانی ئەم وڵاتەیەو بۆچی نابەسرێنەوە بە نیشتیمانەوە؟ توورەبونی گەنج لەو ئاسەوارە نەگەتیڤەیە کە تائێستاش وەکو پاشماوەی بەعس لەناوماندا ماوەتەوەو کاری پیێ ئەکرێت، توورەبوون لەگەندەڵیەکان و بیرکردنەوەی خێڵ و دەرەبەگ و درێژبونەوەی ئەم خێڵگەریە وەك دەمارێکی خوێناوی بۆ ناو پێکهاتە تازەکانی ئەمرۆی کۆمەڵی مەدەنی، توورەبوونە لەو فەسادخانەیەی کە هەر بیری لای باخەڵ و ڤێللای خۆیەتی، توورە بوونی گەنجە لە نەبوونی خەبات و یادەوەری کۆن و پاوانکردنی دونیای شۆرش بۆ نەوەیەکی کۆن و پاوانخوازو  بێبەشکردنی ئەم نەوە تازەیە لەو حیکایەت و یادەوەریە، ئەگەر ئەم توورەبوونەی گەنج نەبێت ئەوا بێگومان ناتوانین تازەگەر بین و کۆمەڵگا بگۆرین، ئەگەر ئەم خۆپیشاندانەی گەنج نەبیێ هەر ئەبیێ بە مردوویی بژین، دیارە کۆچ بەرای من دیوی دووەمی خۆپیشاندانەکانی ئەم دوواییەی کوردستانەو کەس ناتوانیێ زەوتی بکات، ئەبێت قبوڵی کۆی ئەو قەلەقی و گومان و تورەبوون و یاخیگەریانەی گەنجەکانمان بکەین تا دروستبوونی فشارێك کە ریفۆرم بکات و گەنج وێنەو شوناسە راستەقینەکەی خۆی بدۆزێتەوە.